

# بوومەلەرزە


**موعتەسەم ساڵەیی**
**(کەرکووک)**


بەبێ هوودە، بێ وچان هەر ئەم سەر و ئەو سەرم دەکرد، هەروەک ئەوەی سەری ئاسمان و زەویم لێ هاتبێتەوە یەک، نەمدەزانی ڕوو لەکوێ بکەم و بۆ کوێ بچم؟ کەسێکم بەدی نەدەکرد ڕێ پیشاندەرم بێت و بەهانامەوە بێت. هەورێکی تەڵخ ڕووی ئاسمانی تەنیبوو. جاروبار دەنگی هەورەتریشقە ڕایدەچەڵەکاندم و زیاتر نیگەرانی دەکردم. هەندێک جار ئاسمانی مۆن بڵاچەیەکی دەداو دەمتوانی نەختێک بەری پێی خۆم بەدی بکەم، بۆ ئەوەی لە بنچکی دڕکەزێ خۆم بەدوور بگرم. گژوگیای قەدپاڵەکە وشک هەڵگەڕابوون، هەرچەند پێم دەنایە سەر زەوییەکە، لە دەنگی قرچەی پووشوپەڵاش بەو لاوە هیچی ترم نەدەبیست.

بێ وچان بەسەری ڕووت و قووت ڕامدەکرد، ترسێکی زۆر پەڕیبووە هەردوو چاوم، بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە، سەبارەت بەوەی کەسێک نەبوو بێت بە هانەمەوە و دەست بە باڵمەوە بگرێت و یارمەتیم بدات، هەرچۆنێک بێت، دەبوو بە باشی مشووری خۆم بخۆم. جاروبار چەندان جۆرە مار و مێروو و دەعبای چڵکن ڕێیان پێ دەگرتم و دەیانتۆقاندم، چەندان جۆر ماری کورت و درێژم کەوتنە بەرچاو، وەک ڕەشمار و تەڵخەک و شینەک و زەردەمار و کوڵەمار و کوێرەمار.. وەها ڕێکدەکەوت کە بۆ مەودایەکی زۆر بەدووم بکەون، منیش بە هەزار حاڵ بەگرتنەبەری پێچوپەنا خۆم لێیان دەرباز دەکرد. دووپشکە ورد و درشتەکان بەسەر ڕێگەکەمەوە بۆسەیان بۆ دەنامەوە، کلکیان دەخستە سەرپشت و چزووی ژەهراوییان ئاراستەی پێم دەکرد، بۆ ئەوەی لە ناغافڵیدا بە

ئارەزووی دڵی ڕەشیان کاری خۆیان بکەن و لە برستم بخەن. بە هەناسەبڕکێ چەندان لێرەوار و گرد و تەپۆڵکەسکاییم بڕی، چەندان هەوراز و نشێوم خستە ژێرپێ. دەمی وشک هەڵگەڕاوم داپچڕی بوو، لەپڕ لەبناری چیایەکی سەرکەشی بڵند خۆم بینییەوە، وەهام بەباش زانی کە پێیدا هەڵزنێم. تینم دایە بەرخۆم و سەرەوژوور بەقەدپاڵی چیاکەدا هەنگاوم نا، دوای تاوێک سەرکەوتن دیقەتێکی ژێر پێی خۆم دا، هەندێک سەوزاییم کەوتە پێش چاو، فەرامۆشییەکم بە بەرهاتەوە و هەندێک ئومێدم کەوتەبەر. ورەم دایە بەرخۆم و کەوتمە هەڵگەڕانی زیاتری قەدپاڵەکە. تا دەهات قەدپاڵەکە زیاتر خۆی سەوز دەنواند، فێنکایی زیاترم دەکەوتە بەر و لەشە ماندوو و شەکەتەکەم دەحەسایەوە. لە هەمووی دڵخۆشکەرتر ئەوەبوو کە هەورە ڕەشەکەی ئاسمان دڕی دا، شنەبایەکی فێنکیش هەڵیکرد و گژوگیاکە بە ڕوویدا دەشنایەوە، هەرچەند پتر بە قەدپاڵی چیاکەدا هەڵدەگەڕام هیوام دەکەوتەبەر، خۆشییەکی لەڕادەبەدەر لەش و گیانمی دادەگرت. بەبینینی گولیلکە سوورەکان دڵ و دەروونم دەگەشانەوە.

گژوگیا کەسکەکە تا ئەژنۆم هاتبوون و هەمیشە لە لەنجەولاردا بوون، سەرجەم گولیلکەکان سەرومليان بەم لا و بەو لادا بادەداو بە ڕووی ئاسماندا دەزروقانەوە. زیاتر گوڕم دایە بەرخۆم و ملی ڕێگەم گرتەبەر، ڕێگەکەیش تادەهات سەختتر دەبوو. بەرێچکە بەپێچوپەناکاندا بەردەوام بەرەو ژوور هەڵدەکشام. بەو هیوایەی خۆم بگەیەنمە لووتکەی چیاکە. تاڕادەیەک ترسەکەم ڕەوییەوە، چیتر لە جڕوجانەوەر و وەیشوومە نەدەترسام. دەوەنی جۆراوجۆر و دارگوێز و بەڕوو هەموو لاپاڵەکانیان داگیر کردبوو، بایەکی فێنکی سازگار بە ڕوومدا پژا و ماندوێتیی ڕەواندمەوە. جریوە جریوی مەل و باڵندە و قاسپەی کەو لە هەموو لایەکەوە دەبیستران، ئاسمانی شینی ساماڵ ختووکەی لەشی دەدام و دڵنەوایی پێ دەبەخشیم .

لەژێر سایەی دار بە ڕوویەکدا بەسەر تاشە بەردێکەوە بۆ حەسانەوە دانیشتم. کەوشەکانم لەپێ داکەند و تەکاندمن و سەرلەنوێ لەپێم کردنەوە، نیگام بەسەر کانیاوێکەوە گیرسایەوە. بەپەلە ڕووم تێکرد و بۆ ئاوخواردنەوە سەرم تێژەنی، بە شەپەشەپ سەر و گوێلاکم بەئاو تەڕ کرد. هەڵسامە سەرپێ و جارێکی تریش ملی ڕێگە سەختەکەم گرتەبەر، ئەگەرچی ڕێگەکە تووناوتوون و هەوراز و نشێو بوو، بەڵام بە دڵێکی شاد و بێگەردەوە هەنگاوم دەنا. شنەبا فێنکەکە تینی گەرمایی خۆرەتاوەکەی لادابووە لاوە. ماوەیەکی تریش بەقەدپاڵەکەدا سەرکەوتم تا لە ئەنجامدا توانیم بگەمە سەر لووتکەی چیاکە، ئەوسا هەناسەیەکی پڕ لە ئۆخەیم هەڵکێشا.

ئاوڕێکم لە بناری خوارەوە دا، وەهام بەبیردا هات کە هەموو دار و درەختەکان باڵم بۆ ڕادەوەشێنن و پیرۆزباییم لێ دەکەن. سەری لووتکەی چیاکە تەختاییەکی ڕووتەنیی پانوبەرین بوو، بە ماندوێتی و شەکەتی کەوتمە سەر زەوییەکە و لەسەر گازەرای پشت لێی ڕاکشام. لەناکاو هەستم کرد زەوی و خاک و خۆڵی ژێرم بە توندی دەلەرێتەوە، کاتێک سەرم هەڵبڕی چاوم بە ئەسپسوارێک کەوت، کە لە دوورەوە بەخێرایی بەرەو ڕووم دەهات، ئەسپەکە بەتیژڕەوی کەوتبووە چوارناڵەو زەوییە ڕووتەنییەکەی خستبووە لەرین. بەوپەڕی سەرسامییەوە هەڵسامە سەرپێ، ئەسپسوارەکە لێم نزیک بووەوە، کاتێک بەتەواوەتی تێمڕوانی

تووشی واقورمان بووم! خودایە ئەمەی کە دەیبینم و بەبەر چاومەوەیە، ڕاستییە، یان خەونێکە و هیچی تر؟ داخۆ دەشێ ئەو ئەسپسوارەی کە لێم نزیک دەبێتەوە باپیرەم بێت، کە سواری ئەو ئەسپە سپی واشە بوویێت! بەدیتنی باپیرەم خەریک بوو وشک هەڵگەڕێم و تووشی شاگەشکە ببم، ئەوەتا باپیرەم بە سواری ئەسپەوە قیت لێی دانیشتووە. کورتەک و شەرواڵێکی شینی ئاسمانی لەبەردایە، پشتوێنێکی سوور و ئاڵیشی بەنێو قەدیەوە پێچاوە، خەنجەرێکیشی لەبەر پشتی ناوە. بە دەستی ڕاستی پەتکی لغاوەی ئەسپەکەی گرتووە، بە دەستە چەپەیشی چەپکێک نێرگزی چاو مەستی هەڵگرتووە، ڕیشی چەرموویشی لەژێر کڵاوە ڕەنگاوڕەنگەکەیەوە وەک شیری سپی داچۆڕاوە. هەرکە گەیشتە ئاستم هەڵوێستەیەکی کرد، ئەسپە چەمووشەکەی هەر سمکۆڵانی دەکرد. بە ڕوویەکی گەشەوە سەیری کردم، منیش لە ئاستی خۆمەوە بە دیداری شاد بووم و دڵ و دەروونم گەشایەوە. ئەوەی ڕاستی بێت لە هەمان کاتدا لە ئاستیدا هەستم بە شەرمەزارییەک دەکرد، هەرچەند سەیری پەڕپووتی و شڕۆڵەیی خۆم دەکرد، زیاتر هەستم بە تەریق بوونەوە دەکرد، ئەویش بەو بەرزییەوە بەوپەڕی لەخۆباییبوونەوە شانازیی بە سوارچاکیی خۆیەوە دەکرد. ئەسپە ڕەسەنەکەی بەردەوام سەروملی بادەدا و پرمەپرمی دەکرد، دەکەوتە سەر پاشوو، لەژێر پێی خۆی خۆڵ و تۆزی هەڵدەستاند. بەرانبەر بەو دیمەنە تووشی سەرسامییەکی زۆر بووبووم، بەو ڕادەیەی زمانم نەدەهاتە گۆ و نەمدەزانی چۆن دەمم هەڵبهێنم!.

باشم لەیادبوو کە باپیرەم کاتی خۆی بانگی نەدەکردم (نەوزاد) بەڵکوو هەموو کات پێی دەوتم (نەوەکە) بە هەمان شێوەی پێشووی، لێرەیشدا لێم هاتە قسەو بانگی کردم :

– نەوەکە.. ئەوە بۆچی ئاوەها شپرزە بوویتە؟

منیش بە کەساسییەوە وەڵامم دایەوە و گوتم:

– باپیرەی گەورە و بزورگم بێ دەرەتانم، بوومەلەرزە خانووە دێرینەکەمانی خاپوور کرد، ئێستا بێ لانە و بێ داڵدە ماوینەتەوە!

دایە قاقای پێکەنین و بە کەڵەمێردییەکەوە بەسەرمدا نەڕاندی و گوتی :

– نەوەکە.. وەسیەتنامەکەت لەبیر نەچێت، نامەوێت هەرگیز فەرامۆشی بکەن!

نەختێک لێم ورد بووەوە، هەروەک ئەوەی شتێکی بەبیردا هاتبێتەوە، پاش بێدەنگییەک دەمی هەڵهێنا و پێی گوتم:

– ئێستاکێ ئەم چەپکە نێرگزە و ئەم خەنجەرەی بەرباخەڵی خۆمت بە دیاری پێشکەش دەکەم.

خەنجەرەکە و چەپکە نێرگزەکەی جووت کرد و ڕادەستی کردم. منیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەک ئەمانەتێک لێم وەرگرت. کەوتمە خۆم و مشتووی خەنجەرەکەم بە توندی بەدەستەوە گرت. دەمە خەنجەرە تیژەکەیشم لە کێلان هێنایەدەر، ڕووبەڕووی خۆرەتاوەکەم کردەوە، خۆرەتاوەکەیش بریسکی لە خەنجەرە سپییەکە هەڵساند و تیشکی بەتینی ئاراستەی هەردوو چاوم کرد، منیش هەر ئەوەندەم بۆ کرا بە توندی هەردوو چاوم بنووقێنم، کاتێک چاوم هەڵهێنا بینیم لە پەناگەی کونجەکەمدا ڕاکشاوم.! شێتگیربووم و بە پەلە ڕاپەڕیم و لەبەرخۆمەوە گوتم :

– خوایە ئەم خەونە بەخێر بگێڕیت، باش بوو وەسیەتنامەکەم یادکەوتەوە!

* * *

بۆ جارێکی تریش چوومەوە سەر خانە وێرانەکەمان. بەڵام ئەم جارەیان بە خۆم و

قوڵینگ و بێڵێکەوە. وەک ڕۆژانی تر ڕوانیمە دار و بەردی بەسەر یەکتردا کەوتووی خانووە خاپوورەکەمان کە بوومەلەرزەیەکی ناوەخت داری بەسەر بەردەوە نەهێشتبوو. وەهام هەست دەکرد کە دیوارە داڕووخاوەکان وەسیەتنامەکەی باپیرەمن و هەرەسیان هێناوە. لەهەمان کاتدا وەهای بۆ چووم کە هەر بەرد و خشتێکی داڕووخاوی خانووەکە، قسەیەکی نەستەق و وشەیەکی بەنرخی باپیرەمە و کەوتوونەتە سەر زەوییەکە. بێ پەروایش داوام لێ دەکەن مەچەکی ئازایەتی لێ هەڵماڵم و بیانگێڕمەوە دۆخی جارانیان.

داخۆ دەبێت خەتاو تاوانی من لەم وێرانکارییە چی بێت.؟ بەڵکوو بوومەلەرزەیەکی ناوەخت ڕووی دا و هەموو شتێکی هەڵوەشاندەوە. منیشی تووشی دەربەدەری و ماڵ وێرانی و کەساسی کرد. لە هەمووی جەرگبڕتر خەریکە تووشی نەفرەت لێکردنی باوباپیرانیشم دەبم.! بریارم دا تەقەللایەک بدەم تا گیانی باوباپیرانم ئاسوودە بکەم و نەیانڕەنجێنم، پێویستە ئەو خانووە سەرلەنوێ دابمەزرێنەوە. باپیرەم هەقی خۆیەتی لەنێو گۆڕەکەیدا نائارام بێت، هەموو کات و ساتێکیش بێتە خەونم و بە هەموو توانایی خۆیەوە هانم بدات. وەک مێخ لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا لە شوێنی خۆمدا چەقیم، ڕوانیمە نەمامی باخچە بچکۆلانەکە، کە سەرەڕای ڕووخانی خانووەکە هێشتا هەر بە سەوزی مابوونەوە. داخی گرانم بۆ پەڕەسێلکەکان، کە ساڵەهای ساڵ بوو لەبن میچی بەرهەیوانەکەدا هێلانەیان دروست کردبوو، لە بەدبەختییان چیتر بۆ جارێکی دی ناگەڕێنە دواوە و ئێستا لانەواز بوونە.

بیرم بۆ لای ڕۆژانی سەردەمی منداڵیم چوو، کە بەسەر دیواری ماڵەکاندا ئەم سەر و ئەو سەرم دەکرد. لەسەر تەنوورپانەکەشمان نان و کولێرە و کەلانەی گەرمم بە دەستەوە دەگرت و دەمخوارد. ئەم خانووە دێرینە بە درێژایی تەمەنی چەندان جار شین و شایی بە خۆوە بینیوە، بێگومان گەورەترین کۆستیشی ڕۆژی داڕمانەکەیەتی. گوڕم دایە بەر خۆم و بەرەو زەمینەی ژووره گەورەکە هەنگاوم نا، لەوێدا وەسیەتنامەکەی باپیرەم لەنێو سەندووقێکدا لەژێر زەوی گڵپۆش کرابوو، بە توندی بەدەمە بێڵ دەستم بە قوڵینگ وەشاندن و خاک و خۆڵ لادان کرد، ئارەقەیەکی زۆرم ڕشت و تۆز و خۆڵێکی زۆریشم لێ نیشت. زەوییەکەم هەڵدڕی و گەیشتمە مەرامی خۆم و سەندووقەکەم دۆزییەوە. بە پەرۆشەوە دەستم درێژ کرد و دەرمهێنا و تۆز و گەردەکەیم لێ تەکاند، سەرقەپاغەکەیم لادایە لاوە و وەسیەتنامە لوولکراوەکەم کەوتە پێش چاو. بەپەلە سەندووقەکەم وەلا ناو وەسیەتنامەکەم بەدەستەوە گرت. چەرمە ڕەقەکەی کە لە پێستی کەڵەکێوی بوو، توانیبووی بەرگەی زەبروزەنگی ڕۆژگار بگرێت و بەباشی خۆی بپارێزێت، یەکسەر پێیدا چوومەوە و بە پەرۆشەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد :

(ئەم خانووە بەشێکە لە ئێمە و لە نەژادی ئێمە، دەستاودەست و پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، بناغە و بنچینەکانی بە مێژووماندا ڕۆچووە. پارێزگاریکردن لێی ئەمانەتێکی قورسە و خراوەتە ئەستۆی نەوەکانی دواڕۆژمان. ئەم زەوییە لەسەر شانی گایەکی سپی لەنگەری بەستووە. گایەکی ڕەش پێست جاروبار پەلاماری گا سپییەکە دەدات، شاڵاوی توندی دەهێنێتە سەر. جاروبار گا سپییەکە لە ئاکامی زەبری هێرشی ئەو گا ڕەشە شەڕانگێزەدا تۆزێک جێ

لـەق دەبێـت، بـەڵام دڵنیابـن کـە سـەرکەوتن و سـەربەرزی هـەر بـۆ گا سـپییەکەیە و دۆڕان و بەزینیش هەمیشـە بۆ گا ڕەشـەکەیە، ئیتـر ئێـوەو شـان و بازووتـان..!)

کاتێـک لـە خوێندنـەوەی وەسـیەتنامەکەی باپیـرەم بوومـەوە، سـەرم هەڵبـڕی و هـەروەک ڕۆژانـی دیکـە، بـۆ جارێکـی تـر چـاوم بـە کۆتـرە سـپییەکە کەوتـەوە، بەسـەر دار و دیـواری داڕووخـاوی خانـە وێرانەکـەوە بەزەبوونییـەوە هەڵنیشـتبوو، ڕووبـەڕووم وەسـتابوو نیـگای خەماویـی ئاراسـتەم کردبـوو. هـەردووک بەرانبـەر بـە یەکـدی چاومـان بڕیبـووە چـاوی یەکتـر و دیقەتـی یەکترمـان دەدا، پاشـان لـە شـەقەی باڵـی دا و هەڵفـڕی و بـەرەو ئاسـمان بـەرز بـووەوە. دوو سـێ سـووڕی خـوارد، بـۆ جارێکـی دیکـە نـزم بـووەوە و بەخـۆی و ژێـر باڵـە سوورەکەیەوە بەسـەر سـەرمدا ڕەتبـوو. لەگـەڵ فڕیـن و جووڵەیدا نیـگام لـێ دوور نەخسـتەوە، دیسـانەوە بـەرز بـووەوە و بـە کەشکەشـەی ئاسـمانەوە دەسـتی بەخـول خواردنـەوە کـرد، زیاتـر بـەرز بـووەوە و بەسـەر هەمـوو شـاردا کەوتـە سـووڕانەوە.

تـا ئێسـتا بـۆ زۆر کەسـان باسوخواسـی ئـەو کۆتـرە سەرسـوڕهێنەرەم گێڕاوەتـەوە. گەلێـک پرسـیارم لـە بارەیـەوە لـە کەسـانێکی شـارەزا و وریـا کـردووە. یەکێـک پێـی گوتـم ئـەوە کۆتـری موژدەبەخشـی پەیامهێنـە. یەکێکـی تریـش گوتـی ئـەو کۆتـرە فرمێسـکی فریشـتەیەکی غەمبـار و تووڕەی ئاسـمانە، کە بەسـەر زەویدا چۆڕاوەتەوە. کەسـێکی دیـش وەهـای بـۆ لێکدامـەوە گوایـە ئـەو کۆتـرە هاودەردمـە، ئەویـش وەک مـن لانـەواز و خانەوێرانـە، ئیتـر هـەر کەسـە و بـە جۆرێـک بـۆی لێکدامـەوە، بـەڵام مـن لـە ئاسـتی خۆمـەوە گەیشـتوومەتە ئـەو بڕوایـەی کـە ئـەو کۆتـرە سـپییە دوور لـە هەمـوو گومانێـک، گیانـی پاکـی باپیرمـە و بێوچـان ئاسـمانی شـارەکەمان تـەی دەکات..!